## ژنانی کورد لە کۆبونەوەیەکی کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هۆڵەندیدا

لە 2006-06-24 دا لەشاری ئوترێختی وڵاتی هۆڵەند کۆبونەوەیەکی بەرفراوان بۆ کۆمەڵەکانی کۆمەلگای مەدەنی بەتایبەت ئەوانەی بەڕەچەڵەک هۆڵەندی نین رێکخرا. لەو کۆبونەوەیەدا کۆمەڵێک بابەت بونە پرسی لێدوانی نوێنەرانی کۆمەڵەکان. لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەک لە نوێنەرە ئامادەبووەکان باسی بوونی رێکخراوەکەی خۆی لەنێو کۆمەلگای فرە کلتوری هۆڵەندیدا کرد. چۆنیەتی خۆگونجاندنی ئیجابیانە لەگەڵئەو کۆمەڵگایە، تاکو ئەندامانی هەست بە مەترسی نامۆبوون نەکەن، یەکێ بوو لەتەوە سەرەکییەکان. بێگومان فرەکلتووری کۆمەلگای هۆڵەندی وەک رای ئامادەبووان ورێکخەرانی کۆبوونەوەکە بوو، تێرترو دەوڵەمەندتر دەکا، کارێکی واش دەکا کە ببێتە بەربەست لەبەردەم هەر هەوڵێکی راسیستانە یان بە چاوی جیاواز سەیرکردن. لەنێو ئەو دەستەو گروپە بەشدارانەش کە هەریەک رێکخراوی مەدەنی بەشداربوو پرسی ژن وەک چەقی بازنە هاتە پێشەوە. لەو کۆبونەوەیەدا پێشنیارو رێنمایی بەجێ بوونە دەرەنجام لە کۆبونەوەکەش بڕیاردرا ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەشێوەیەکی وەرزی بەردەوام بن.

شایانی باسە لە نێو ئامادەبووواندا تەنها کورد نێردەی سەنتەری ژنانی کورد لەشاری تیلبورخ ئامادەبون. لەو کۆبونەوەدا کنێر جەمیل خەیلانی بەناوی کۆمەڵەکە هەم لەسەر رێکخرەوەکەیان هەم لەسەر رۆڵی ژنانو هەم کلتوری کوردی قسەی کرد.

